# گەردەلووڵ دەستخۆش... وەلی دەبا ، هتد ....!

## بورهان هەژار



## کورتەیەك

ئەوەی مایەی دڵخۆشیی و خەنی بوون بوو، ئەوەبوو کە ئەو تەوقە گرانە کلۆمدراوە پاوا نخوازییەی سەر رووکاری شاشە لێنە بڕاوە قۆرخکراوەکەی بەشی درامای کەناڵی( کوردسات )رماو دەروازەکەی کرایەوەبۆ کەسانیدی بەهەق شایستەین...

ئێدی هەربۆ نموونە ئەم ساڵ لە کەناڵی کوردساتەوە، یەکەمین بەرهەمی دراما بە نسیبی زنجیرە درامای گەردەلوول بوو، کە نزیکەی 25 هەڵقەی لێپەخشکرا، ئەگەرەکی بە هەڵەدا نە چووبم..!ئێدی هەمووشمان تارادەیەکی هاوڕا لە نێوەندەکەدا بە تواناوئەزموونی کاری شانۆیی وبەرهەمی تەلەفزیۆنی لەوەبەری دەرهێنەرکاك( جەلیل زەنگەنە )ئاشناییین ولە نێوەندەکەدا لەلامان ناسراوە، بەتایبەتی هەرلەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانی چەرخی بیستی رابردووەکەلەباژێڕە گڕگرتووەماندووەکەی کەرکوکی بریندارەوە بەچەندین کاری تەلەفزیۆنی تۆکمەوچەلەنگ وەك نواندنەر( ئەکتەر )ێکی سەرکەوتوو، رۆڵی بینییووە و هاتۆتەمەیدان، وەك لە هەر دوو کاری0 بەهاری دزراو و مەرەزە )دابینیمان.هەرلە دوای ساڵی 1975 یشەوە هاتۆتە باژێڕی سلێمانی و لە نێوەندی چالاکی هونەرییدا جمەی هاتووە..

ئێدی هاوتادەگەڵ گێرسانەوەی لەکۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی ـ سلێمانیی وپێشکەشکردنی چەند کارێکی تەلەفزیۆنیی و شانۆیی کە بەهەق بێژین، شایەنی ئاماژەو ئافەریدەکردنن لە رەووتی شانۆی کوردیدا بۆبیرخستنەوەش وەك کاری تەلەفزیۆنی( ژیان )شانۆیی( هاوارێکی تاساو )و( مانگی ئاوابوو )وهەروەها دوای را پەڕینیش چەندبەرهەمێکی رەندی وەك( مامە ریشەو خولە پیزەو گەلەگورگ )ی دەرهێناوە..ئەمەوێڕای هەرلە ساڵی 1982 دا بوو کە شانۆیی شیرین و فەرهادی ( نازم حیکمەتی )نمایش کرد، ئەمان وەلی مخابن حەزو توانا و خەونی نەگەیشتە ئاستی تێپەڕاندن و بگرە کاریگەرییەکی نەرێتی لەبەرتێڕوانین وتێخوێندنەوەی دەرهێنان وکارەشانۆییە بە پێزەکانی لەوەبەریشییەوەکرد کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد هاوکات بە هەنگاوێکی شکست ناوزەند کرا..!

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە هەڵوەستە وەرگرتن و کۆمەڵێك باری سەرنج و تێڕوانینی هونەریمە لەتەك ئەو زنجیرە درامایەی ئەمسالی مانگی مام رەمەزان بەئاشنای بینەرانی( کوردسات )ەوەبوون وهەناسەومزگێنی ودڵخۆشییەکی تارادەیەك پێبەخشین لەوەی کەچیترخەڵك تووشی نائومێدیی و وەڕسیی نەبن بەدەست شەقشەقەی دراماگاڵتەجاڕییەکانی پێشتری کوردساتەوە..

### بیرۆکەی گەردەلوول و بەشێك لە یادەوەرییەکانی دەرهێنەر ـ

بەڕێز کاك جەلیل زەنگەنە لە دووتوێی تایتلی پیشاندانی پێشەکی دراماکەدا پێمان دەڵێت، کە ئەم درامایە زادەی بەشێك (لە یادەوەرییەکانی دەرهێنەر )ن لەتەك رووداوەکانی ئەو پێشاژۆیانەی کەگەلی کورد تیایدا کەوتبووە ژێر نالاندن و باری چەوسانەوەوئازاری نەتەوەیی ودا پلۆسین وسەرکوتکردنی بەتایبەتی باژێڕی سلێمانی بە دەست رژێمێکی دڕندەو خوێنە خۆری

وەك بەعسەوە، كەدەخوازێ لەم زنجیرەدرامایەی گەردەلوولدا، ئاماژەبەگێڕانەوەی رووداووەمەینەتییەجەرگبڕەكانی كە بەسەر كەسانی ئەو بازێڕە بەرخودانەی كوردایەتیدا هاتووە دووبارە بە زیندوویی رابگرێت و وێنایەكی راستەقینەی ئەو سیستەمە هزربۆگەنەی بەعس دا بمالێت لەهەمبەرنەوەی نوێداكەلەوپێشازۆیەدانەبوون یانژی هیچ بیرەوەریی و تاڵیی و سوێرییەكانی ئازاردەدەییەیان نەچەشتووەو بەبیریاندا نایەت ...

ئەگەرچی راستینەی ئەم رووداوەی كە بۆتە بیرۆكەی گەردەلوول لای دەرهێنەر، دەگەڕێتەوە بۆ سالانی دوای هەرەس و نوغرۆ بوونی شۆڕشی چەكداریی كوردلەباشووری كوردستان و بەتایبەتی دەمەوپاییزی ساڵی1977دا روویداو بەتایبەتیش بۆ زەبری سەلماندنی تۆڵەی دوای لەسێدارەدانی شەهیدانی سەروەری گەلی كوردخاڵەشەهاب وهاوڕێكانی بوون، كەئەویش پرۆسەیەكی شۆڕشگێڕانەی چالاكی پێشمەرگەكانی( ی ن ك )بوون لەهەوڵدان بۆ كوشتنی( ئیغتیالكردنی )بەرپرسێكی دەوڵەت ئەگەرچی پارێزگاری سلێمانی بەرنسیبی لێدانەكە كەووت، ئەویش گرنگ نواندنی زەبری كوشندەبووبۆ وەرامدانەوەی هێزی دەستەلاَت كە ئەو دەم( موحەمەد موحەمەد ئەمین شەمیی )بوو كە تا هەنووكەش هەر لەژیاندایەو خەلكی دەڤەری بادینانەو یەكێكیش بوو لەوكەسەكوردانەی لەمێژبوو كاروریكخستنی سیاسی لەتەك رژێمی بەعسدا گرێدابوو( وەلی مرۆڤ بە ئەمەكانە دەرهەقی ببێژێت وەك بیستوومەو دەشزانم یەكێك بوو لە پیاوە دەگمەنەبەرەوەشتەكانی ناو رژێمی بەعس كەلە پێناو خزمەتی كورددا خزمەتگوزاری بێوێنەی دەنواند، نەك هاوچەشنی شێخ چۆپیی وچۆپییەكانیتركەبوبوونە ملۆزم و ترۆپكی بەدرەوەشتی چلكاو خۆرانی بەعس و بە كاری درندەیی نواندنەوە بلەیزن..!

بەهەرحاڵ ئەوەی بینیمان و لە سەرتاپای هەڵقەكانی گەردەلوولدا بە دیداری ئاشنا بووین كەم تا زۆر مخابن لە راستینەی رووداوەكان لایدابوون، وەك جۆرەتێهەڵكێشانێ لەچەندین بابەت ولایەنیتری ژیانی كۆمەلایەتی هاولاَتیانی شاری سلێمانی بوون بە گشت شێوە و پێكهاتەكانییەوە، بەو شێواز و پێویستییانەی خودی دەرهێنەر دەیخواستن لە تێهەلكێشانی كەشێكی فانتازییانە و گرێدانی چارەسەریی هونەرییانەی هەناسەی بەردەوامی زنجیرەی دراماكە، بگرە تەنانەت هەر لە ئاماژەكردن بەباسی چۆنیەتی شێتەكانی شارو رووكردنە چایخانەیەك، گەرچی مخابن ناسینەوەیەك لەتەك ئەوشێتانەشدانەخرابوونە روو، لەنیشاندان و ناسینەوەی یەكێك لە شێتەكانی شارو باس لەحاڵەت و مەینەتییەكانی دەروونیی وهەبوونی لەدووتوێی كارەكەدا..!چونكە بەڕاستی هەر یەك لەشێتەكانی سلێمانی بەخەسلەتێكی تایبەتمەند ناسراوون و بگرە قۆشمەیی وخۆشی هەندێكیان لەبیرەوەرییەكانی هەمووماندا هەبوون، هەربۆ نموونە ئەوانەی لەو رۆژگارەدا وەبەر چاو دەكەوتن لەنێوئاپۆڕەی شاردا ناسراو بوون لامان وەك( قالە شێت و خولە بوز و عەبە شەكەنە و هتد )كە هەریەكەش بۆ خۆیان داخۆیانی دنیایەكی سەیرو سەمەرەو تەژیین لە مەرگەسات ...

ئەمە وێڕایی ئاماژەكردن بە بار و گوزەرانی ژیانی خەڵكیی و تەنانەت كەسانی دەروێش و سۆفی و حاجی و یانژی كەسانی حەماڵ و فەرمانبەر و بگرە پارێزەر و دوكاندار و تا دەگاتە توێژی خوێندكارانی زانكۆ بە هەردوو رەگەزی) نێر و مێ )وە تا دەگاتە گرفت و عەنعەنەی نێوانی بووك و خەسوو، كە دەبنە مایەی ماڵوێرانیی و شیرازەپچڕانی سەرگەردانی ژیان لە خانە خوێی باواندا..ئەمن بۆخۆم پڕبەدڵ دەستخۆشیی و بە ئومێدی كاری نایابتر و بە پێزتر بۆ برای ئازیزم كاك جەلیل دەخوازم و كە هەوڵبدات ئەویش هەموو توانا و ئەزموونی لە سەلیقەیی كاری دەرهێناندا بخاتەگەڕ و متمانە بۆ درامای ئاییندەیی لەسەر ئەگەرو هەوەسی تونای تێڕوانینی خۆی نەكات بۆ نووسینی دەق، پێشمواییەگەرلێمەوەربگرێت بێژم:ـ هێندەی بخوازێت ئەو بەهرەو تێڕامانە جوانەی لەرووی دەرهێنانەوە ئافەریدە بكات باشترە، گەرچی دڵنیام لەهەوڵ و مەبەستە خاوێنەكانی لەوەبەرییەوە كردوونی، چ لەئامادە كردنی دەقی شانۆیی یانژی هەرتێكستێك، ئەواسەدقات لەهەوڵە گەندەڵییەكانی ئەو دراماسەقەتانە ئابڕوومەندانەترن كەلەوەپێش هەر لەوكەناڵەوە قۆرخكراوی درمی ڤایرۆسئاسایەك( نەك دراما )كەوتبووە گیان و سەرو پۆتەلاكی دەق و مەق و سیناریۆو هتد..!

لەم درامایەدا بەڕاستی هێندە شتەکان تێکەڵاوکرابوون وزیادەڕۆییەك ئاوێزانی یەکبووبوون، کەمخابن لە کرۆك و گەوهەری دراماکای کەم کردبۆوەلەوموبالەغە نادروستانەی لەدەرکەوتنی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکاندادەبینران بەشێوەیەکی گشتی هەر بۆنموونە( کەسایەتی حەماڵەکان )بەجارێك مرۆڤی تووشی شۆکیی وحەپەسان دەکردلەچۆنیەتی مامەڵە و دەرکەوتنی سیما و نەریتی خۆیاندا چ وەك حەماڵ کە ڕۆژ تا ئێوارە لە ژێر بارستایی قورسی شمەك هەڵگرتن و داگرتنی باردا، کەچی کەسایەتیەکی تەواو پێچەوانە بە نەریتی کاریی حەماڵ دەردەکەووتن، یان لەئەندازە بەدەرهەڵپەوسەڵتەیان لەکاری گاڵتە جاڕیی وگێلیی و سووکایەتیی بەیەکتریی و بگرە بۆسەرکەسانیتر( وەك دەمانبینی لە دوو حەماڵەکەی لای حاجی سەعید لە هەمبەرسۆفی وحاجی کەبابخۆری بەلاشە دەیانکرد..!بەڕاستی ڕێکەوت زۆر ڕۆڵی لەودرامایەداهەبوو، دەکرێ مرۆڤ بپرسێت:ـ دەشێت ئەو هەموو ڕێکەوتانە ڕۆلی ئەرێتییان بینیبێت و هەروا بەسانایی کارەکانی پێڕایی بووبێت..؟!هەر بۆ بیرخستنەوەو ئاماژەپێکردن بە چەند ئەگەرێك، وانەبایە چ ڕوویدەدا و مەجرای دراماکە بەرە و چ ئاقارێکیتردا دەڕۆیشت ..؟!وەك هەرلە دەستپێکی زنجیرە دراماکە ڕێکەوت ڕۆڵی خۆی بینی تادوا هەڵقەکە پێمان دەڵێت گەردەلوول ئالێرەوە دەست پێدەکات، کاتێك کچەبرینپێچەکە( سیستەرەکە )لەلایەن هێزی ئاسایشی ڕژێمەوەبەرامبەر بە بارمتەگیراوێکی لای هێزی پێشمەرگە دەگۆڕنەوە لەبەرامبەر یەکترییدا کەئەمەش مەحاڵ بوولەوسات وپێڤاژۆ نوێیەی شۆڕشی کوردی کەگەیشتبێتەئەوتوانابەهێزەی لەوەبەر کەچەندین کاری چالاکی ڕوویدابن وبارمتەی پیاوانی ڕژێمیان لەلابووبێت ..بۆ نموونە بەرلە وادەی چالاکییە هەڵمەتییەکە بۆ سەرکەژاوەی پارێزگاری سلێمانی، کەپێشمەرگەکان لەچاوەڕوانی زرمە لێوەشاندندابوون، ئەو ڕێکەووتەچیبوو کەماموستا دڵشاد( واتە جیهاد دڵپاك )لە هەمان نانەواخانەدا وەستابوو بۆنان کڕین و تەنانەت یەك لەو کەسانەی هاوبەشی پرۆسەی لێدانەکەی دەکردبەچرپەشتێکی پێگووت وئەویش تێڕوانینێکی واق وڕماویی بەدیارخست.وپێشترهیچ زانیاریی و بەڵەدیەکی دەرهەق بەو لێدان و چالاکیانە بوو...!ئێدی گەرچی لەو درامایەدا هیچ باس لەکاری نهێنیی و چالاکی ڕێکخستنی ڕۆڵی ئەو ماموستایە پیشان نەدرا کە پێشتر پێیهەڵسابێت و پەیوەندییەکی ئاشکرالەنێوانی ئەو و گرووپەشۆڕشگێڕەکەدا هەبووبن.. بالەوەش گەڕێیین کەئەو ڕێکەوت گرتنەو بەدیارخستنی نواندنی هەڵوێستی مەردانەی ماموستا دڵشادپیشاندەدات لە بەرگە گرتن وئازارچەشتن بەلێدان وئەشکەنجەچەشتن بەدەست پیاوانی ڕژێم و تۆمارکردنی سەروەرییەك بۆدیرۆکی ژیانی، کە کار گەیشتە ئەوەی تەنانەت هاوسەروجگەر گۆشەکەشی بە بەرچاوییەوە لەزیندانا بکوژرێن وئەویش جەسوورانە داکۆکی بکات و دانپیانان لەسەرشاردنەوەی پێشمەرگەبرینداەکەبڵێت، کەچی ئەوەتامخابن دەبینین لەدواساتەکانی دیلیی وکەوتنە بۆسەی دوژمن وزیندانی بوونیەوە ئەوپێشمەرگەیەی کەماموستا دلشاد ژیانی خۆیی وخانەوادەکەشی بۆکردە قوربانی دەربازکردنی، ئەمیش زۆرسانا پاش ئەشکەنجەدانێکی سەرەتایی، هەرزوو هەرەسی هێنا و نەیتوانی ببێتە سیمبوڵی ئازایەتیی و جوامێری ڕۆڵی پێشمەرگە لە تێکۆشانی سەختی خەباتدا، کە ئەمەش هەڵوێستێکی نەرێتی پێشمەرگەیەکی کورد دەخاتە بەرچاو لە رووپەلە گەشەکانی ڕۆژانی سەختی خەبات و تێکۆشانی خۆڕاگرییدا...! ئەمە پاساو نیە کاتێ ماموستا دڵشاد پێیدەڵێت مەڕوخێ و ورە بەرنەدەی لەهەرەس و ڕووخان و دانانان بە دۆزەکەدا، کەچی ئەو مخابن ئەو ڕۆلە قارەمانییە لە جەستەی خۆی دادەمالێت و دەڵێت ئاخر بەرگە ناگرم و هتد..!

ئەمە وێڕای لەوەی ببڕای ببڕ ئێمە هەرگیز پێشمەرگەمان لە گوندو ناوچە ئازادکراوەکانی دەستەڵاتی هیچ هێزێکی کوردیدا بە پانتۆڵەوە نەبینیووەبجەنگێ و بکەوێتەجەولە( بەتەنێ لەشاردا نەبێت )یانژی بەو شێوەیە بخەبتێ و بکەوێتە سەنگەری شەڕەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی هەرلەسەرەتای زرمە وەشاندن لەکەژاوەکەی پارێزگاردا ئەوپێشمەرگەبەڕێزە هەر ئەو پانتۆڵ و پاڵتۆ شینە درێژەی لەبەردابوو تا ئەوساتەی دەکەوێتە بۆسەی دوژمنەوەو بەدیلکراوی دەگیرێ.!

کەئەمەش زۆردوورەلەهەڵکەوتەوە( واقیع ) ئێمەهەمووومان ئاشنابووین بەمەرگەساتی شەوانی ئەوسەردەمەی شاری سلێمانیی ودڕندەیی گەجەروگوجەری هێزەتاییەتیەکانی ئاسایشی بەعسی سلێمانیی و بەتاییەتی دەرکەوتنە تۆقاندنەرەکانی مولازم

موحسێن کەبەنێوشارداچۆن دەگەڕاوتەنانەت کەدەیاندا بەسەر کۆڵان و ماڵانی گەڕەکەکاندا چ بەڕۆژی رووناك چ بە شەوانی نوتەکو دەمەو شریخەی خەو وەك ملۆزمانی لەدەم سەگوگورگ بەربووبەخۆیان وپەیژەکانیانەوە بەدیواری ماڵانداهەڵدەزەنین و دەکەوتنەویژەی گیانی خەڵك و بەلەقە دەرگایان دەشکاندو چاوەڕوانی لەدەرگالێدانیان نەدەکردوخۆیان ئامبازی ئەودیوو دەکردوتەڕو وشکیان پێکەوەدەسووتان، یا ئەگەربەلیچواندنیش بگیرایە، ئەوابەتەواوەتی سەرەونوگم دەکراوگەر هەرلەوێشدا بیشیان کوشتایە، زۆر بێباك بوون لەوەی بەپشتی پیکابەکانیانەوە ئەوجەستە ساردوسڕەی پێشمەرگەیان بەراکێشان بەسەر شەقامەکانی شارداشەلاڵی خوێن دەکردو میللەتیان پێچاوترسێن دەکرد ..

کەمخابن ئەو رەووشە لەدراماکەدا نەبینران، وەلی کوشتنی زیندانیی لەگرتووخانەکانی ئاسایشدا بەو جۆرەش لەوباوەڕەدا نیم روویدا بێت ویانژی ئەفسەری ئاسایش بە هەوەس و میزاجی خۆی کەوتبێتەکوشتنی زیندانیان، ئەگەرچی زۆرمان لەسەر دڕندەیی پیاوانی گەوج و بەعسیان و سڵ نەکردنەوەیان بیستووە و دیوومانن لە زیندانەکاندا سووکایەتیی و پێڕابواردن و شەقشەقێنیان بە خەڵك کردووە..ئێدی ئەمەش نایێتەئەوەی بەوشێوازەدڕندەیی رژێمەکەئافەریدە بکات ..!من نازانم ئەوەی بیستوومانەو پاشتر خۆمان کە زۆربەمان خوێندنمان لە زانکۆکانی ئێڕاقی نیفاقی سەردەمی رژێم تەواوکردووە دەزانین کە هەژمارێکی زۆر لە سیخووڕانی عارەبان کاریان هەر چاودێریی و بەزۆرو چاوسوورکردنەوبۆراکێشانی خوێندکارانی کورد بووە بۆ بوونە بەعسی و هاتنە ریزی رێکخستنە بەدناوەکانی خۆیانەوە، ئەمە وێڕای لەو ساڵانەی زانکۆی سلێمانی تەژیی بوو لە خوێندکارانی عارەبی سیخووڕی ولاَتانیتری وەك فەلەستینیی ومیسریی وهتد..

کەچی سەرتاپای هەموو دیمەنەکانی ئەو زنجیرە درامایەو باسکردن لە زانکۆ تەنیاو تەنیا خۆشەویستییە دروستکراوەکەی نێوان رزگار و هەنار بوو، کە ئەویش مخابن لە کرۆکی خۆشەویستییەکی راستەقینەی باوی سەردەم هەڵنەهێنجرابوو، ئەمە وێڕای لەوەی کە کات و دەم لەسەرەتای دراماکەوە وەرزی پایزەو روو لە زستان دەکات کەچی ئەو هەموو کوڕو کیژۆکاڵانە زۆر بێباکانە بە پۆشاکی هاوینەوە دەگەڕێن و کچان هەر بە پاپووچەوەن ..لەلایەیکیترەوە ئەگەر بڵێین ئێدی تۆقاندنی رژێمی بەعس لەهەمبەر کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وبەتایبەتی باژێڕی سلێمانی هەرلەسەرشەقام وکوچەوکۆڵان وماڵاندا قەتیس نەمابوو، بەڵکوسەرتاپا ژیانی بەتەنیابووە، ئێدی بیریشمان نەچێت ئەوە دەستەڵاتی بۆگەنی بەعس بووبەجارێ لەتوێژی خوێندکارانی زانکۆ تۆقیبوو، ئێدی تەنیا جارێك دیمەنی هاتنی ئەفسەرێکی ئاسایشی تیا بینراوتەواو کە پاش هاتن و چاو خشانێکی خێرا بە حەرەمی زانکۆ و تێسرەواندنی خوێندکارێك و بردنی بە تۆمەتی گومانلێکردن .. ! خۆ ناشێت برای بەڕێز کاك( جەلیل )لەو رەووش و بوارە نا هەموارەی زانکۆی سلێمانیدا نا بەڵەدو بێئاگا بووبێت لە نەبوون و رۆڵ بینینی کەسایەتیەکی رێکخستنەکانی بەعس و هەراسانکردنی خوێندکارە کوردەکان لە نێو دراماکەدا و ئاماژەدان بە کەسایەتیەك لەو جۆرانە..؟! لەلایەکیترەوە دەبا گرنگیی رادەبەدەر بە رۆڵی چالاکیی و شانەی رێکخستنەکانی ناو زانکۆ بدرایە لەلایەن بوونی شانەی خوێندکارانەوە ..!بەڕاستی ئەو بەرێوەبەرەی فەرمانگاکەی عەباسە فەنی دیمەن و سواخدانی کەسایەتییەکی گاڵتەجاڕیی بوونەك لەوەی کاربەدەستێکی میری گەر خۆفرۆشیش بێت ئەوها بەو جۆرە بێتەدەرکەوتن ونواندنی هەڵسوکەوت لەهەمبەر فەرمانبەرەکانیدا، کەهەرگیز نەدەچووە ئەقڵەوە بەرێوەبەری فەرمانگایەك بەوشێوەیە بلەیزێت..!باشە هەموومان باشدەزانین و دەرهێنەریی بەڕێزیش لەو دیرۆکەئاگادارە کەساڵی خوێندنی 1979-1980 پەیمانگای هونەرەجوانەکان دامەزراو کرایەوە، ئەمەش هاورێك بۆ سەر و بەندی ئەو مێژووەی کە تازە ئەو رووادەوەی تیا روویدا و باس لە وەرچەرخانی چالاکی پێشمەرگەو لێدانی پارێزگاری سلێمانین ..کە ئەمەش نا گونجاو بوون، دەشکرێ بینەر ئەو رامان و پرسیارەی لەلا بووروژێت کە تا ئەو دەمانەش لە نێو بزاڤی شانۆی کوردیدا هەرگیز ئافرەتێکی کورد نەبووە وەك دەرهێنەر شانۆیی دەرهێنابێت، جگە لە ناوەڕاستی هەشتایەکان ئەویش وەك دەرکەوتنی مامۆستایەکی بەڕێزی شانۆکار ئەویش مامۆستا( بەدیعە دارتاش )نەبێت و دواتر هەندێکیتر دەرکەوتن ..! نازانرێت کات لەگاڤی ئەو درامایەدا چەندی خایاندووە ..؟!

لەباتی یەك پاڵەوانی درامی چەندانیتری لابەلا هەن و بینەریش عەوداڵە لەدووی ئاکامی نادیاریان ..!ئەوە باس هەر لە بەکارهێنانی پەیڤە عارەبیە شلۆقەکان هەرناکەین و کەلە راستیدا هیچ پیویست بەو گوزارشتی زمانە عارەبیەی نەدەکردلە دراماکەدا، ئەگەرەکی کورد لەسۆنگەی خۆ بە کەمزانینەوە لەرەهەندی شتەکان نەڕوانێت ..؟! ئێدی چ پێویستە تۆ ئەو دراما جوانەبەوپەیڤە کۆڵەوارە عارەبییە بڕەخسێنیت..؟!ناشێت ئالەو سەردەمەدا هیچ پارێزەر و دادوەرێك هەبووبێت هێندەبوێرو شێلگیرانە داکۆکی لە مافی بەشخوراوان کردبێت و هەڵوێستی بە دژی دەستەڵات و خۆ فرۆشاندا نواندبێت، بە تایبەتیش لە مەسەلەی داکۆکی لێکردنی مافی ئافرەتاندا، کە گەرچی ئەو پارێزەرەش کورد وتەنی( دیاربوو شینی سەروپێکەی دەکرد )بۆ خەفەکردنی داوی حەزی خەنیبوونورامانی لەشۆخێتیەکەی ژاڵەدا کەبگاتەمەرامی هاوسەرێتی لەوخۆشەویستیی و ئەڤینیەی بە رێکەوت دەستەمۆی بووبوو .. .!ئەوە چ رێکەوتێك بوو ئەوها سانا شێرکۆی پارێزەر و کوڕە گێلۆکەکەی عەباسە فەنی لەو دیمەنە سیناریۆ بۆ کێشراوەدا بەو شێوەیە بکەونە داوی بۆسەی سەگ وگورگەکانی هێزە بەدناوەکەی ئاسایشی رژێمەوە ..؟! ئێدی دەبا وەك پیشاندانی چەپۆکی بێبەزەییانەی دەستەڵاتی رژێم هەردوولاشەی کوژراوو بریندارەکەهەرلەلایەن هێزەکانی تایبەتی ئاسایشەوە ببرانەیە، نەك خەڵك وخوا بیانگەێننە خەستەخانە ..! گەرچی پیلانی ئەو تەقە لێکردنە بە فیتی جەباری چڵکاوخۆرەوە بوو بە دژی تۆڵەوتەمێکردنی شێرکۆلەبەرتیلدان بە ئەفسەرەکە واتە( مولازم جاسم، کە بەڕێز مۆفەق لهۆنی رۆڵی دەبینی )ئەمەش هەر زۆرنەشیاو دوورلە راستینە بووە، ئەوە خۆمان زۆر باشدەزانین سیخووڕو چڵکاوخۆرێکی کورد هەربۆخودی خۆیشی نەك پێویستی بەوەهەبێت بەراسپاردەو بەرتیل ناحەزێکی خۆی لەناو بەرێت، بەڵکەراستەوخۆ دەیتوانی چارەنووسی شێرکۆی پارێزەر بە رۆژی رەش بگەێنێت ..!نەك بەو شێوە سیناریۆیەی داڕێژرابوو ..هاوڕا خۆشەویستیم بۆ کاك جەلیل ئەمەلەدروستکراوو درێژکردنەوەی سیناریۆی دراماکەزیاتر تێنەپەڕیووە لەوکەشوهەوافەنتازییەی دەرهێنەر لە وێنا کردنی دراماکەدا سازاندوویەتی ...بێگومان لە دراماکەدا دیمەنی لەو جۆرە تەژیی بوون لە پێکەولکاندن و درێژکردنەوە کە جۆرە مەلەلیەکی بەخشیە کرۆك و گەوهەری بەهای سیناریۆی دراماکە و دەکرا بە شێوازێکی زیرەکانە و جوانکاری چڕ و پووختانە مامەڵەو چارەسەربکرایە کە تارادەیەك راستگۆیی لە گێڕاندنەوە و رەنگدانەوەی رووداوەکاندا کردووە، نەروەك لە دیمەنی فڕاندنی پێشمەرگە بریندارە بە دیلگیراوەکەی( خەستەخانەی فێرخواز )لە لایەن دەستەیەك پێشمەرگەوە کە تەنیا بۆ ئەو پرۆسەیە هەندێکیان بوونیان هەبوو کە بەو شێوە سەیرو سەمەرەو بەخشکەیی فیلێکی وا سانا لەو هێزە زەبەللاحەی بەعس بکرێ و هەروا بە کەماڵی ئیسراحەت دەربازکراو گەێنرایە ماڵێك..تۆ بڵێی کاك جەلیلی بەڕێزو هێژا کەم بەڵەد بێت کە تەنانەت ئەوانەی لەرووداوێکی وا سەختدا بکەوونە دەست گورگە بۆرەکانی رژێمەوە بە چاودێرییەکی قورسەوە نەبرابنە خەستەخانەی سەربازیی و لە ژێر کۆنترۆلێکی توندا بووبن ..؟!
ئەگەرچی بەڕاستی تێبینیی وباری سەرنج زۆرن دەرهەق بەو کارە جوانەی برای بەڕێزم هونەرمەند کاك جەلیل زەنگە نەوەی هێندە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە بۆخۆی ئەم زنجیرە درامایە کۆمەڵێ شتی جوان و چەلەنگی بەدووی خۆیدا پەلکێشکرد لە وروژانی بابەتێکی فرەگەل تێهەڵکێش بە یەکتریی لەهەناوی رووداوێکی مێژوویدا و تارادەیەکی باش کۆمەڵی ئەکتەری بە توانای پێشووتر و لاوانی بەهرەمەند بە بوێرانە لەهەمبەر زوومی کامێرا و تەنانەت پڕ بەدڵ دەستخۆشی لێدەکەم کە زۆر زیرەکانە کەسایەتیەکانی هەڵبژاردبوو لە رۆڵ بینینیان لە دراماکەدا و زۆر کۆمبارس و کەسانی هێنابوون کە بۆخۆیان زۆر دووربوون لەئەزموونی کاری شانۆودراماوە، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە بۆهونەرمەند جەلیل زەنگەنە کەبە سنگێکی فراوانەوە گۆهداری باری سەرنج و رەخنەو تێبینییەکانی دەرەوەی دراماکەی بن و بۆ کاری ئاییندەی سەرکەوتوانە بەرهەمێکی پوخت و ناوەزەترپێشکەش بەدرامای کوردی بکات وپڕبەدڵ دەستخۆشی لەهەڵبژاردنی مۆسیکی وسترانەهەژانەکەی دەنگی هونەرمەند ئیسماعیل سابوریی و بەشدارانیتری دەکەم کە گیانێکی نەشئەبەخشی لە هەناوی دراماکەدا خولْقاندبوو...هەلبەتە ئەز بۆ خۆم گەلێك تا دوایین هەڵقەی زنجیرە دراماکە بەتاسووقەوە ئاوێزانی دنیای فەنتازیا و مژاری درامای گەردەلوول بووم، بە

**هيوام لەبەشی دووەمی گەردەلوولدا بەهەق چەخماخەی راستینەوبەهای بەرزی هونەریی تاوبداو و بەناخی خۆیدا بمانباتە قولآیی رووداوەکانەوە ..**

**دووباره دەستخۆشیم بۆ هونەرمەندی دەرهێنەر کاك جەلیل زەنگەنە کەدەبێژێت ( ئالێرەوە گەردەلوول دەست پێدەکات )هەتا تامەزرۆییمان نە پچرێنێ هەر وەك بە کۆمەلێ شتی رەندی ئاشناکردین ..**